مرۆڤی عاقڵ، مرۆڤی مەدەنی..

چەند تێڕامانێکی تیۆری

عەدالەت عەبدوڵڵا

ڕەنگە بەلامەوە تەواو ئاسایی بێت هەموو کەسێك بەو سیستمە بیرنەکاتەوە کە من لێوەی بیردەکەمەوە و هەڵوێست و نیگای خۆم بەرامبەر دنیای شتەکان دیاری دەکەم. سیفەتی ئینسانی ڕاستگۆ و مرۆدۆست-یش لەوەدا نییە هەموو کەسێك لەسەر ئەو دنیابینییە ڕابهێنێت کە ئەو ئاراستەی جیهانی دەکات، لەوەدا نییە پێشوەخت نەخشەی ئەوە بکێشێت کۆی ئەو ئینسانانەی کە ئەو گوتاری خۆی بۆیان مانفیست دەکات ئینسانگەلێك بن دامالڕاو لە هەر توانایەکی دیکەی بینین و بیرکردنەوەی جیاواز و جۆراوجۆر. من پێم وایە لە بنەڕەتدا ئەوەی دەیەوێت نەکەوێتە ناو ئەو تەماحە گەورەیەی کە دەسەلاتی عەقڵیی خۆی بەسەر کۆی ئینسانەکانی تردا بسەپێنێت و دەستەمۆیان بکات، نەیەوێت بکەوێتە ناو ئەو ئەنگێزە مرۆڤیکە بەختەوەرتر لە مرۆڤەکانی تر و خاکی تر لەوانی دی.

مرۆڤی عاقڵ بە مانای میللی ووشە چیدی ئەو مرۆڤە نییە کە هەوڵ دەدات هەموو کەسێك قەناعەت پێبکات کە چۆن بیربکەنەوە و چۆن مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵگا و جیهاندا بکەن، ئەو مرۆڤە نییە جیهان دابەش بکات بەسەر چاکە و خراپەی موتڵەقدا و کۆمەڵگاش بەسەر کوفر و ئیماندارداا ساغ بکاتەوە و مرۆڤ-یش لەناو ووتەزاکانی ئازادی و کۆیلەییدا پۆلێن بکات.. مرۆڤی عاقڵ بە دوای هیچ یەکێك لەم خەون و ئارەزوو و تەماحە ساختانەدا ناگەڕێت، بیر لەوە ناکاتەوە ببێتە مەرجەع و کۆمەڵگاش مێگەل، پەرۆشی ئەوە نییە ببێتە باوك و مرۆڤەکانی تریش منداڵ و زارۆکەی موتیع و خەسیو، نایەوێت ببێتە دەسەلاتی ڕەها لەسەر حیسابی دەسەلاتی گشتی، بەڵام کە نایەوێت ببێتە خاوەن هیچ یەکێك لەم ویستانە، ئەوە لە ژێر هیچ ناو و ناونیشانێکی ساختەکارانەشدا ئەم کارە ناکات، نە بەناوی پیاوی حکومەتەوە و نە بەناوی هاووڵاتیی ئازادەوە، نە بەناوی پیرەوە و نە بە ناوی گەنجەوە، نە بەناوی نەخوێندەوارەوە و نە بە ناوی ڕۆشنبیرەوە.. بە مانایەکی تر، هیچ ناوو ناونیشانێك ناکاتە بیانوو و ئارگیۆمێنت بۆ وابەستەکردنی مرۆڤەکانی دی بە خۆیەوە، هیچ ئایدیۆلۆژیا و ئامانجێك ناکاتە پاساوی یەکخستنی هەڵوێست و دید و تێڕوانینێك کە دواجار ببێتە دۆگما و عەقیدەیەکی نەزۆگ و شکستخواردوو.. بەڵکو لە ڕاستیدا مرۆڤی عاقڵ، کە یەکسانە بە مرۆڤی مەدەنی، لە بری هەموو ئەو وەزیفە و تەماح و حەزە جەهەنمییانە، خاوەن تێگەیشتنێکی قوونڵر و فراوانتر و هێمنتر بە ڕامبەر بە دنیا و کێشە و قەیرانەکانی، کەسێکە لە پشت هەموو دروشم و گوتار و هوتاف و هەڵوێستێکدا بۆ ساختەکاری و درۆ و فرت و فێڵەکان دەگەڕێت، کائینێکە بە ئاسانی هەڵناخەڵەتێت و ناکەوێتە ناو داوی هیچ شەپۆل و لافاوێکی کوێرانەوە.. بە دەستەواژەیەکی دی، مرۆڤی مەدەنی ئەو مرۆڤەیە کە ئەوەندەی دەیەوێت فێربێت و بزانێت، ئەوەندە لافی گۆڕانکاری و دەستکاری کردنی سیستمی شتەکان نادات، ئەوەندەی دەیەوێت مەعریفە کۆ بکاتەوە و ژیان بناسێت ئەوەندە پەلامارى ژیان و ووردەکارییەکانی نادات، حجەتی لۆژیکیشی لەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیەدا هەمیشە ئەوەیە: دواجار هیچ مرۆڤێك فریشتە نییە، هیچ کەسێك خودایەك نییە بێ کەم و کوڕی و هەڵە و گەمەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هیچ بوونەوەرێك نییە توانای کۆکردنەوەی هەموو سیفاتە جوانەکانی هەبێت لە ناوەوەی خۆیدا بەبێ هەڵگرتنی ئەو سیفاتانەی دی کە کەم و زۆر کاری تێدەکەن.. سادەترین دۆزینەوەی فەلسەفیی هاوچەرخیش ئەوەیە مرۆڤ بە ئەندازەی ئەوەی کارلە دنیای شتەکان دەکات دنیای شتەکانیش کار لە ئەو دەکەن . ئەوەندەی کەسێکی بکەرە ئەوەندەش کەسێکی کارتێکراوە.. ئەوەندەی بڕوای بەمەسەلەیەکی دیاریکراو هەیە ئەوەندەش دڵنیایە لەوەی بڕواکردن وابەستەی کات و شوێن و قودراتی عەقڵی و زهنیی ئینسانە و دەشێت گۆڕانی بەسەردا بێت.. بە کورتی مرۆڤی مەدەنی و عاقڵ مرۆڤێکە چاوی لەوە نییە خەڵکی دی چی دەڵێن و چۆن دەڕوانن ژیان و چۆنیش سەودا لەگەڵ کێشە و قەیران و ئازارەکانی ئینساندا دەکەن، کەسێك نییە خەڵکی دی دەستی بگرێ و فێری بکا بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر ئیرادە و خواست و ویستی ئەوانەوە، بەڵکو کائینێکە وەك میشێل فۆکۆ دەڵێت بەردەوام ئیش لەسەر بوونی خۆی دەکات، خۆی دەکاتە سەرزەمینی پێگەیاندنی خۆی و کانگای فێربوون و زانین و لێرەوە بەو پەڕی گیانی هاوکاری و تەوازوعەوە بەشداری لە هەر پرۆسەیەکدا دەکات کە پێویستیی بەوە بێت زیاتر لە هێزێك و زۆرتر لە کەناڵێکی ئیشکردنی بۆ سازبدرێت . مرۆڤی مەدەنی ئەو مرۆڤەیە کەبەر لەوەی ببێتە کۆیلەی خەڵکی دی دەزانێت ئینسانی کۆیلە و ئینسانی سەربەست چییە و تا ئەو ڕۆژەیش کە دەمرێت بەو سیستمە لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەدا دەچێتەوە کە دەبنە سەرچاوەی زانینی ئەو بۆ دنیای شتەکان ..

دیموکراسی : وشە، بەرد، گوللە !

سەردار عەزیز

ئەوەی لەکەلار ڕووبدا ڕوداوێك بوو، ڕووداو بە پێناسە دۆلۆزییەکەی ئەو جالاکییە کە بەشی ئەکجوال وبەشی فێرجوالی هەیە، بەشی ئەکجوالی ئەوەی ڕووبدا ئەو پێکدادانە بوو کە ڕۆژی ٩/٧ڕووبدا، بەڵام بەشی فێرجوالی ئەو هەستەیە کە پێش ڕووداوەکە دروست ببوو، وە ئەو کاریگەرییەی کە ڕووداوەکە جێی ئەهێڵێ، لێرەدا چەند پرسیارێك دروست ئەبێت، بۆ چی گەیشتینە ساتەوەختی ڕووداو ؟ چۆن بتوانین لەو ڕووداوە بگەین ؟

دیموکراسی هیچ نەبێ وەك چەمکێك ئامادەیی هەیە لەکوردستان، بگرە لەهەموو شتێك زیاتر دەوترێتەوە، بۆیە ئەتوانین بڵێین هیچ نەبێ بە ئامادەبوونی بیرۆکەی دیموکراسی پێکدادانی نادیموکراسیانە ڕووبدا، ڕەنگە پێناسەو تێگەیشتنی زۆر هەبێت بۆ دیموکراسی، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستێکی تایبەت دەتوانین بڵێین: دیموکراسی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەچارەسەری کێشەکان لە ڕێی وشەوە، بەڵام بۆ ئەوەی وشە بتوانێ ڕۆڵێکی وهما بگێڕێ، دەبێ زەمینەیەك لەبار کرابێت، دەبێ ئەو لایەنەی کە داخوازی هەیە لە ئاستێکدا بێت بتوانێ داواکارییەکانی لە ڕێی وشەوە دەربڕێ، بۆ ئەمە تەنها دروشم بەس نییە، بەڵکو دەبێت خیتابێك (دیسکۆرس) بەرهەم بهێنرێت، چونکە دروشم بۆ ئەوە نادرێ بەگوێی ئەویترا تا وەڵام بداتەوە بەڵکو بۆ ئەوە ئەوترێ ئەویتر جێبەجێی کات، کەواتە دروشم دایەلۆگ بەرهەم ناهێنێ لەلایەکی ترەوە دەبێ لایەنی بەرامبەر لە ئاستێکدا بێت بتوانێ گوێ بکرێ، دایەلۆگ بەرهەم بهێنێت .

لەڕێی ئەم دایەلۆگەوە داواکارییەکان، خواستەکان، نیازەکان، ئاشکرا ئەکرێن، لێرەوە ململانێ دروست دەبێ، بەڵام لە شێوازی مەدەنییدا، ئەمە وا ئەکات دیموکراسییەت ومافی مرۆڤ هەردەم جمك بن، وەك پۆڵ ریکۆر، لە چێیەتی دیموکراسیا باسی لێوە ئەکات، هەردەم داخوازییەکان مافن؛ مافی ژیانێکی باشتر؛ مامەڵەیەکی باشتر؛ دانپیانانێکی باشتر.

لە پاشەڵانی ڕووداوەکەی کەلار دیاردەیە سەری هەڵدا کە تا ڕادەیەك هەست پێنەکراوە، بەڵام لەهەندێ ناوەندی ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی ڕۆژئاوا قسەی لەسەر ئەکرێ، ئەویش ناعەدالەتی لەڕووی ئیپستیمەوە، مەبەست لەمە چییە ؟ ئیپستیم وشەیەکی کۆنی یۆنانییە بەمانای مەعریفە دێت، کاتێك کەسێ یان لایەنێ وەها مامەڵەی لەگەڵا ئەکرێ کە لە ئاستێکی وەهادا نییە بۆ ئەوەی هەڵگری جۆرێك لە مەعریفە بێت ئەوا ئەو کەسە یان ئەو لایەنە لەڕووی ئیپستیمەوە ناعەدالەتی بەرامبەر کراوە، کەلاریەکان وەها قسەیان لەسەر دەکرێت کە لەتوانایاندا نەبووە ڕێپێوانێکی مەدەنیانە ببەن بەڕێوە .

وشە چەکی عەقڵە؛ عەقڵیش بۆ ئەوەی ئامادە بێت گوێ لەویتر بگرێت، دەبێ لەموتڵەقگەرایی کەوتبێ، بەمانای تر، دیموکراسی (ئەم دیموکراسیەتە، لەگەڵ ئازادی بازاڕدا هەردەم پێکەوەن، هەندێك بڕوایان وایە کاتێك خەڵك لەبازاردا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کالای باشترو گونجاوتر بەپێی توانا و ئارەزوویان هەڵبژێرن، لەهەمان کاتدا فێر دەبن بەهەمان شێوە لەگەڵ حیزب وئایدیۆلۆژیا ورێکخراوو گروپە سیاسییەکاندا مامەڵە بکەن، لە ڕوویەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئەم ئازادییە بێتە دی دەبێ حکومەت بچوك بێت، بەڵام لە کوردستان کە دەخوازرێ دیموکراسی پیادە بکرێت، کەچی حیزب وحکومەت لە هەموو شوێنێکن، دیموکراسی بەدی نایەت تا حیزب وحکومەت خۆیان بخاوەنی بزانن، بەڵکو ئەو ساتە بەدی دێت کە حکومەت ناوەندێکی ڕێکخەر بێت، لەنێوان خەڵك ولایەنەکانی ترا، کاتێك حیزب وحکومەت خۆیان خاوەن ئیتر کێ داکۆکی لەخەڵك بکا ئەوەی ڕووبدا پرسیاری لەسەر دیموکراسی دروستکرد لەهەردوو لاوە، لەلایەن خەڵکەوە تا چەند ئەتوانن وبڕوایان بەوە هەیە کە لەڕێی دیموکراسییەوە دەبێ ڕێژەییانە دونیا لێکداتەوە، هەرچەندە بڕوای وەها بێت کە خۆی ڕاستە بەڵام بوار بە ئەویتریش بدا کە ڕەنگە لە هەمانکاتدا هەڵگری ڕاستی بێت، بۆیە دیموکراسی مامەڵکردنی ئەویترە وەك خۆت، دیموکراسی ڕەنگە جۆرو شێوازی زۆر بێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە دونیادا بڵاوە وبەتایبەت هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا دەیەوێ بیهێنێتە ناوچەکە، شێوازی لیبراڵی دیموکراسییەتە (ئەمریکاییەکان لەوە ئەچێ وانەیان لە هەڵسوکەوتەکانیانی ڕابردوویان وەرگرتبێ، لەپاش یانزەی سیبتەمبەر بۆش ڕایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە چەند دەیەیەك لە سیاسەتی سەرنەکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوراست بهێنێت، بۆش دانی بەوەشدانا کە لە رابردووداا لە پێناوی کاتکرین لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا هاوکارییان

کردووە)، ئەم دیموکراسیەتە، لەگەڵ ئازادی بازاڕدا هەردەم پێکەوەن، هەندێك بڕوایان وایە کاتێك خەڵك لەبازاردا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کالای باشترو گونجاوتر بەپێی توانا و ئارەزوویان هەڵبژێرن، لەهەمان کاتدا فێر دەبن بەهەمان شێوە لەگەڵ حیزب وئایدولۆژیا ورێکخراوو گروپە سیاسییەکاندا مامەڵە بکەن، لە ڕوویەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئەم ئازادییە بێتە دی دەبێ حکومەت بچوك بێت، بەڵام لە کوردستان کە دەخوازرێ دیموکراسی پیادە بکرێت، کەچی حیزب وحکومەت لە هەموو شوێنێکن، دیموکراسی بەدی نایەت تا حیزب وحکومەت خۆیان بخاوەنی بزانن، بەڵکو ئەو ساتە بەدی دێت کە حکومەت ناوەندێکی ڕێکخەر بێت، لەنێوان خەڵك ولایەنەکانی ترا، کاتێك حیزب وحکومەت خۆیان خاوەن ئیتر کێ داکۆکی لەخەڵك بکا ئەوەی ڕووبدا پرسیاری لەسەر دیموکراسی دروستکرد لەهەردوو لاوە، لەلایەن خەڵکەوە تا چەند ئەتوانن وبڕوایان بەوە هەیە کە لەڕێی دیموکراسییەوە دەبێ ڕێژەییانە دونیا لێکداتەوە، هەرچەندە بڕوای وەها بێت کە خۆی ڕاستە بەڵام بوار بە ئەویترییش بدا کە ڕەنگە لە هەمانکاتدا هەڵگری ڕاستی بێت، بۆیە دیموکراسی مامەڵکردنی ئەویترە وەك خۆت، دیموکراسی ڕەنگە جۆرو شێوازی زۆر بێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە دونیادا بڵاوە وبەتایبەت هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا دەیەوێ بیهێنێتە ناوچەکە، شێوازی لیبراڵی دیموکراسییەتە (ئەمریکاییەکان لەوە ئەچێ وانەیان لە هەڵسوکەوتەکانیانی ڕابردوویان وەرگرتبێ، لەپاش یانزەی سیبتەمبەر بۆش ڕایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە چەند دەیەیەك لە سیاسەتی سەرنەکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوراست بهێنێت، بۆش دانی بەوەشدانا کە لە رابردووداا لە پێناوی کاتکرین لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا هاوکارییان نابێت، بەڵکو هەمووان، هەر یەکەو بە ڕێگەی خۆی دژی ئەوەستێتەوە، بەڵام لە ڕووداوەکە کەلاردا وشە نیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات، وەك ناوەندێك ئەوەندە لاواز بوو بەرگەی ئەوەی نەگرت بتوانێ کێشەکە چارەسەر بکات، بۆیە لەبری گۆڕینەوەی وشە هەر خێرا دۆخەکە گۆڕا بۆ گۆڕنەوەی ماددە، ئەو ماددانەی بەکار هات بەپێی هەواڵەکان؛ بەردو گوللە بوون، ئایا بەرد پێش گوللە کەوت یان گوللە پێش بەرد کەوت، ئەوا من ناتوانم ساغی بکەمەوە چونکە هیچ شایەتێکم نەبینیوە، میدیاکانیش جێگەی بڕوانین .ئایا جێی سەرسوڕمانە خەڵك بکەونە بەرد فڕێدان ؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکمان بۆ ئەو پرسیارە دەستکەوێ، دەبێ بیر لە ئامادەیی بەرد بکەینەوە لە ئاگایی ئێمەدا، مێژووی ئێمە بەشی زۆرینەی مێژووی گۆڕینەوەی مەتریاڵەکانە، لە پێناوی ئازاردانی ئەویترو خۆیشمان، لەبری ئارگویمێنت، بەرد ئامادەییەکی تایبەتی هەیە لە میتۆلۆژیایی ئیسلامدا، لەهەناوی ئیسلامدا بەرد دەبێتە مەتریالی نەفرەت لێکردن، لە وەرزی حەجدا حەججاجەکان بەرد لە شەیتان ئەگرن، بەرد بارانکردن هەردەم پرۆسەیەك بووە بۆ نەفرەتکردن ولەناوبردنی ئەویتر کاتێك لەروانگەی ئایینەوە گوناهبار بووە، ئەم میتۆلۆژیایە زەمینەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی بەرد هەردەم کەرەستەك بێت بۆ دەربڕینی هەڵوێستێك، بەڵام بۆچی بەرد دێت بۆ ئەوەی ببێتە مەتریاڵێکی سیاسی، لە سیستەمێکا کە ڕێگا بە هەموان ئەدات بۆ ئەوەی بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕن، بۆچی لەبری وشە بەرد ؟ ئایا بەرد سیمبوولە بۆ ئەوەی کە وشە هیچ بایەخێکی نییە، گوێگری نییە، هیچ دەرئەنجامێکی نابێت ؟ لێرەدا قەیرانێك سەرهەڵدەدا ئەویش قەیرانی ئامادەنەبوونی خەڵکە لە پرۆسەی سیاسیدا، دیارە لە هیچ سیستەمێکی سیاسی لە گوێ زەویدا خەڵك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامادەییان نییە، بەڵکو ئامادەیی تەنها لە ڕێگایی نوێنەرایەتیکردنەوەیە، ئەمە وا ئەکات کە خەڵك بۆ ئەوەی ئامادەییان هەبێت دەبێ نوێنەریان هەبێت، ئەم پرۆسەیە لەکۆمەڵگەی ئێمە ونە، بۆیە دەکرێت بپرسین ئایا ئەوانەی خۆپیشاندانیان سازدا نوێنەری کێ بوون ؟ داواکارییەکانیان لە خزمەتی کێدا بوو، لە لایەکی ترەوە لە جێگایەکدا کە حیزب لە بری حکومەت حاکمە، ئەوا خەڵك دەنگیان بگاتە شوێنە بڕیاردەرەکان ئەوا دەبێ هەوڵبدەن نوێنەرێکیان لە سەرکردایەتی حیزبێکدا هەبێ، بەڵام حیزب لە ڕێگای دیموکراسییەوە ئەندامانی خۆی دیارینەکاتبۆیە کاتێك شارێك بێ نوێنەرن لە سەرکردایەتی حیزبدا، وەك کەلار، ئەوا کێشەکانیشیان ڕەنگە دواتر یان بەتەواوی پشتگوێ ناوەندێك بێت بۆ گواستنەوەی زانیاری بەڵکو بوو بە ناوەندێ فۆرمکردنی تێگەیشتن وبیروڕای تایبەت، ئەم دیاردەیە لە هەردوو لاوە ڕووبدا، میدیای دەسەڵات ومیدیای دەرەوەی دەسەڵات (زۆربەی ئەوانەی ڕەخنەیانگرت چەپەکان بوون، کە لەڕاستیدا هیچ بەهایەکیان بۆ ڕەخنەگرتن نەهێشت، چونکە ئەوان خۆیان هەڵگری ئایدەلۆژیایەکن کە ڕەخنەگرانیان تەور مل لێئەکەنەوە، ترۆتسکی، لەلایەکی ترەوە دونیابینییەکانیان ئەوەندە ڕادیکاڵ ودوور لەواقیعە کە مایەی بەزەیی هاتنەوەن لەڕووی هەژاری مەعریفییەوە)هەردوولا هەر خێرا لەخەمی ئەوەدا بوون چۆن ڕووداوەکە وەها بۆ خەڵك بگێڕنەوە کە لە گەڵ دونیا بینی خۆیاندا بگونجێ، ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لە لایەنە خراپەکانی دیموکراسی کە ڕاستی تیایا ونە، چونکە ڕەنگە حەقیقەت لە بەرژەوەندی کەس نەبێت، ئەو کاتە کەس خەمخۆری بتوانن داواکانیان جێبەجێکەن، لەلایەن دەسەلاتیشەوە تا چەند بڕوای پێدەکرێ بەدیموکراسی هەیە وەك شێوازێك بۆ بەڕێوەبردن، ئەوەی لەهەموان ئاشکرایە قەیرانێك ئامادەیی هەیە، لەزمانی چینیدا بۆ قەیران ودەرفەت یەك وشە هەیە، ئەم پێکەوە گرێدانە ڕێکەوت نییە، بەڵکو دەکرێ قەیران ببێتە دەرفەت بۆمان، بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە بە تێگەیشتنەکانمانا بچینەوە، وەك هۆڵدەرلین دەڵێت:" لە ساتەوەختی قەیراندا دەبێت هەست بەبوونی خۆمان بکەین یان لە چۆنێتی بوونی خۆمان بکەینەوە ".

ئەوەی مایەی نیگەرانی بوو لە ڕووداوێکی وەهادا، مامەڵەکردنی میدیا بوو، کەشێوازێکی تەرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا هاوکارییان

ناوەندێك بێت بۆ گواستنەوەی زانیاری بەڵکو بوو بە ناوەندێ فۆرمکردنی تێگەیشتن وبیروڕای تایبەت، ئەم دیاردەیە لە هەردوو لاوە ڕووبدا، میدیای دەسەڵات (زۆربەی ئەوانەی ڕەخنەیانگرت چەپەکان بوون، کە لەڕاستیدا هیچ بەهایەکیان بۆ ڕەخنەگرتن نەهێشت، چونکە ئەوان خۆیان هەڵگری ئایدەلۆژیایەکن کە ڕەخنەگرانیان تەور مل لێئەکەنەوە، ترۆتسکی، لەلایەکی ترەوە دونیابینییەکانیان ئەوەندە ڕادیکاڵ ودوور لەواقیعە کە مایەی بەزەیی هاتنەوەن لەڕووی هەژاری مەعریفییەوە)هەردوولا هەر خێرا لەخەمی ئەوەدا بوون چۆن ڕووداوەکە وەها بۆ خەڵك بگێڕنەوە کە لە گەڵ دونیا بینی خۆیاندا بگونجێ، ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لە لایەنە خراپەکانی دیموکراسی کە ڕاستی تیایا ونە، چونکە ڕەنگە حەقیقەت لە بەرژەوەندی کەس نەبێت، ئەو کاتە کەس خەمخۆری نابێت، بەڵکو هەمووان، هەر یەکەو بە ڕێگەی خۆی دژی ئەوەستێتەوە، بەڵام لە ڕووداوەکە کەلاردا وشە نیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات، وەك ناوەندێك ئەوەندە لاواز بوو بەرگەی ئەوەی نەگرت بتوانێ کێشەکە چارەسەر بکات، بۆیە لەبری گۆڕینەوەی وشە هەر خێرا دۆخەکە گۆڕا بۆ گۆڕنەوەی ماددە، ئەو ماددانەی بەکار هات بەپێی هەواڵەکان؛ بەردو گوللە بوون، ئایا بەرد پێش گوللە کەوت یان گوللە پێش بەرد کەوت، ئەوا من ناتوانم ساغی بکەمەوە چونکە هیچ شایەتێکم نەبینیوە، میدیاکانیش جێگەی بڕوانین .ئایا جێی سەرسوڕمانە خەڵك بکەونە بەرد فڕێدان ؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکمان بۆ ئەو پرسیارە دەستکەوێ، دەبێ بیر لە ئامادەیی بەرد بکەینەوە لە ئاگایی ئێمەدا، مێژووی ئێمە بەشی زۆرینەی مێژووی گۆڕینەوەی مەتریاڵەکانە، لە پێناوی ئازاردانی ئەویترو خۆیشمان، لەبری ئارگویمێنت، بەرد ئامادەییەکی تایبەتی هەیە لە میتۆلۆژیایی ئیسلامدا، لەهەناوی ئیسلامدا بەرد دەبێتە مەتریالی نەفرەت لێکردن، لە وەرزی حەجدا حەججاجەکان بەرد لە شەیتان ئەگرن، بەرد بارانکردن هەردەم پرۆسەیەك بووە بۆ نەفرەتکردن ولەناوبردنی ئەویتر کاتێك لەروانگەی ئایینەوە گوناهبار بووە، ئەم میتۆلۆژیایە زەمینەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی بەرد هەردەم کەرەستەك بێت بۆ دەربڕینی هەڵوێستێك، بەڵام بۆچی بەرد دێت بۆ ئەوەی ببێتە مەتریالێکی سیاسی، لە سیستەمێکا کە ڕێگا بە هەموان ئەدات بۆ ئەوەی بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕن، بۆچی لەبری وشە بەرد ؟ ئایا بەرد سیمبوولە بۆ ئەوەی کە وشە هیچ بایەخێکی نییە، گوێگری نییە، هیچ دەرئەنجامێکی نابێت ؟ لێرەدا قەیرانێك سەرهەڵدەدا ئەویش قەیرانی ئامادەنەبوونی خەڵکە لە پرۆسەی سیاسیدا، دیارە لە هیچ سیستەمێکی سیاسی لە گوێ زەویدا خەڵك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامادەییان نییە، بەڵکو ئامادەیی تەنها لە ڕێگایی نوێنەرایەتیکردنەوەیە، ئەمە وا ئەکات کە خەڵك بۆ ئەوەی ئامادەییان هەبێت دەبێ نوێنەریان هەبێت، ئەم پرۆسەیە لەکۆمەڵگەی ئێمە ونە، بۆیە دەکرێت بپرسین ئایا ئەوانەی خۆپیشاندانیان سازدا نوێنەری کێ بوون ؟ داواکارییەکانیان لە خزمەتی کێدا بوو، لە لایەکی ترەوە لە جێگایەکدا کە حیزب لە بری حکومەت حاکمە، ئەوا خەڵك دەنگیان بگاتە شوێنە بڕیاردەرەکان ئەوا دەبێ هەوڵبدەن نوێنەرێکیان لە سەرکردایەتی حیزبێکدا هەبێ، بەڵام حیزب لە ڕێگای دیموکراسییەوە ئەندامانی خۆی دیارینەکاتبۆیە کاتێك شارێك بێ نوێنەرن لە سەرکردایەتی حیزبدا، وەك کەلار، ئەوا کێشەکانیشیان ڕەنگە دواتر یان بەتەواوی پشتگوێ